# وەزارەتی کارەبا: هەناردەی غازی ئێران بۆ عێراق بەتەواوەتی راگیرا



وەزارەتی کارەبای عێراق رایگەیاند، ئەمڕۆ چوارشەممە، هەناردەی غازی ئێران بۆ عێراق بەتەواوەتی راگیرا.

ئەحمەد موسا، وتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ میدیای رەسمی عێراق وتی، لە ئاکامی لێکەوتەکانی پەرەسەندنەکان لەناوچەکە، سەعاتێك لەمەوبەر هەناردەی غازی ئێران بۆ عێراق بەتەواوەتی راگیرا.

وتوشیەتی، بەهۆی ئەوەوە کارەبای عێراق نزیکەی 3100 مێگاوات کەمی کرد.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، وەزیری کارەبا فەرمانی داوە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی نەوت بۆ قەرەبوکردنەوەی کورتهێنانی ئەو غازەی لەدەستدراوە لە سوتەمەنی جێگرەوە.

جەختیشی کردەتەوە، لە دەستدانی 3100 مەگاوات بەدەنیایی کاریگەری لەسەر سیستمی تێی کارەبا دەبێت.